ژمارەی
٥١

کرێکارانی جیهان یەکگرن !

ئۆرگانی کومیتەی کوردستانی ڕێکخراوی یەکێتی فیدائیانی کۆمۆنیست

# بە هێز بێت
# خرۆشی جەماوەری بۆ ئازادی و
# عەدالەتی کۆمەلایەتی!



کار , خانوو , ئازادی , کۆماری فیدراتیوی شوورایی !

# راپەرینی ستەم لێکراوان و هەوڵ و تەقەلای ئیمپریالیزم و حاکیمانی دواکەوتوو !








لە جەریانی راپەرینی مەزنی 22 ی رێبەندانی 57 کە کۆمەڵانی ستەم لێکراوی ئێران بۆ وەدیهێنانی داخوازیەکانی سیاسی - کۆمەڵایەتی و ئابووری خۆیان هاتنە مەیدانی خەبات تاکو ئەمرۆ سەرەرای ئوفت و خێزی زۆر بزووتنەوەی خەڵکی بۆ بە ئەنجام گەیشتنی شۆرش هەروا بەردەوامە . لە 22ی رێبەندانی 57دا راپەرینی پڕشکۆی خەڵکی ئێران هەرچەند بووە هۆی رووخانی حاکمیەتی 2500 ساڵەی پاشایەتی لە ئێراندا و لە هەلومەرجێکدا کە کۆمەڵانی خەڵک بە دوای دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراتیک بە جێگای سیستەمی رووخاو بوون ، توێژی مەزهەبی بە رێبەری خومەینی لە جەریانی سات و سەودا لە گەڵ ئیمپریالیزمی ئەمریکا دەسەڵاتی سیاسیی بە دەستەوە گرت و لە ئاکامدا رژیمێک بە ناوی کۆماری ئیسلامی لە سەر وێرانەکانی رژیمی پاشایەتی بنیات نرا و دەس بە جێ لە لایەن دەوڵەتی ئەمریکاوە پشتیوانیی لێکرا ز دام و دەزگاکانی سەرکوتگەر وەک ئەرتش ، پولیس و ساواک و هەروەها دام و دەزگای بوروکراسی بە دەستێوەردانی ئاشکرای ئیمپریالیزمی ئەمریکا و چاودێری باڵوێز و موستەشارەکانی ئەمریکا بە تەواوەتی درایە دەستی سەرکردەکانی دواکەوتووی کۆماری ئیسلامی . ئەمریکا بۆ سەقامگیری کۆماری ئیسلامی تەنانەت بەزەیی ی نەهاتە فەرماندەکانی رژیمی شا و ئەوانەی کە خۆیان نەدایە دەستەوە لە ناو دەچوون . بەم شێوەیە پێش لەوەی کە خەڵکی ئێران بتوانن لە کەش و هەوایێکی دیموکراتیک ، سیستەمێکی خەڵکی بۆ داهاتووی خۆیان دامەزرێنن ، ئەمریکا و سەرکردەکانی رژیمی کۆماری ئیسلامی شۆرشیان بە لارێ برد و تاکو ئێستایش لەم پیلانە بەردەوامن . خومەینی پێش لە کونفرانسی گوادلوپ بە واسیتەی ئیبراهیمی یەزدی و سادق قوتب زادە بەلینی بە ولاتانی ئیمپریالیستی دابوو کە پارێزەری قازانج و بەرژەوەندی ئەوان لە ئێرانی پاش حاکمیەتی شا بێت و کردەوەی پاشماوەکانی خومەینی وەک حاکیمانی ئەمرۆی کۆماری ئیسلامی وەفاداری ئەوان بە بەلینەی خومەینی دەسەلمێنێ . رەوتی تێکەڵبوونی بە تەواوی سەرمایەداری ئێران لە سیکلی بە جیهانی بوونی ئابووری سەرمایەداری جیهانی ، بووەتە هۆی پەیوەندی پتەو لە نێوان قازانج و بەرژەوەندی بازاریەکان و بوروکراتەکانی دەسەڵاتدار لە ئێران و قازانج و بەرژەوەندی ئیمپریالیزمی ئەمریکا و سەندووقی نێودەولەتی دراو و بانکی جیهانی . سەرەرای هەرا و هوریای ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە بارەی " مافی مرۆڤ " و " سیستەمی نوێی جیهانی " ئەوان هێشتا بە کردەوە هیچ کارێک بۆ مەحکوم کردنی کۆماری ئیسلامی ئەنجام نەداون و نەیانویستووە بە کردەوە بەر بە ماشینی کوشتار و ئیعدام و ئەشکنجەی کۆماری ئیسلامی بگرن . پەیرەو کردنی ئەم سیاسەتە لە لایەن ولاتانی ئیمپریالیستی نەک لە رووی تێنەگیشتنی ئەوان بە نیسبەت راستیەکانی ئێران و یان هەر شوێنیکی تری ئەم جیهانە و یان نەبوونی ئیمکانات و ئامرازەکانی عەمەلی ، بەڵکو لە بەر هاوبەش بوونی قازانجەکانیان بە تایبەت لە رووی ئابووری لە گەڵ رژیمی ئێرانە . شوورای ئەمنیەتی نەتەوەیەکگرتووەکانیش بە دستووری ئەمریکا و هاوپەیمانانی چەند بریاری تەنبیهی بە دژی ئێران دەرکردووە کە تەنها لایەنی بەرنامەی ئەتومی و موشەکی ئێرانی رەچاو کردووە نەک پێشیلکردنی مافی مرۆڤ و لەم چەشنە بابەتانە . بە دەسەلات گەیاندنی بەکرێگیراوانی وەک خومەینی لە ئێران ، موجاهیدینی ئەفغانی لە هەر شکل و شەمایلی ئەودا لە ئەفغانستان ، کۆنەپەرەستان لە پاکستان ، حیزبی ریفاە لە تورکیا ، حیزبوللا لە لوبنان و نووری مالیکی و بەکرێگیراوانی تری لە عێراق بۆ دابین کردن و پاراستنی قازانج و بەرژەوەندی ئیمپریالیسم باشتر لە هەر گوزینەیێکی ترە و لانی کەم باشتر لە جەریاناتی لیبراڵ و میللی گەرا دەتوانن لە خزمەتی ئیمپریالیسم و قازانجەکانی ئەوادا بن . بە دەسەلات گەیاندنی دەسەڵاتەکانی دواکەوتووی مەزهەبی لە لایەن ئیمپریالیسم لە ولاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست بە دوو مەبەست ئەنجام دەگری یەکەم ئەوەی کە بە هۆی خورافە و کۆنەپەرەستی کۆمەلانی تێگەیشتوو سەرکوت بکات و لە کگورت خایەن دا قازانج و بەرژەوەندی ئابووری خۆی لە ناوچەکە دابین بکات و لە لایێکی ترەوە بە بیانوی مافی مرۆڤ دەستی خۆی ئاوالە ببینی تاکو هەر کات قازانجەکانی لەم ناوچەیە لە مەترسیدا بوو وەک ئەوەی لە ئەفغانستان روویدا بە ماسکی رزگار کردنی مرۆڤایەتی و مەسەڵەی مافی مرۆڤ بێتە مەیدانەوە . سیاسەتی بەهێز کردنی پان ئیسلامیسم و رژیسمەکانی دواکەوتووی عەسر حەجەری وەک رژیمی ئێران لە ناوچەکە هێشتا لە سەرەوەی سیاسەتەکانی ئیمپریالیزمی ئەمریکایە و ئیمپریالیزمی ئەمریکا قازانج و بەرژەوندی خۆی لە سات و سەودا لە گەڵ ئەم چەشنە رژیمانە وەک کۆماری ئیسلامی و قوربانی کردنی خەڵکی ستەم لێکراو لە ولاتانی ژێر ستەمی سەرمایەداری دەبینێ . خومەینی بە سەر نەبوونی تێگەیشتنی خەڵکی و باوەرەکانی خورافەی ئەوان سورا بوو و توانی بریارەکانی نوی لە خۆی دەر بکات وەک حوکمی وەلی فەقیح لە کاتی غایب بوونی ئیمامی مەهدی . درۆ و

دەلەسەکانی خومەینی و ئیستفادە لە باوەرەکانی مەزهەبی خەڵک بووە هۆی ئەوەی کە خومەینی بە دوای بە دەستەوە گرتنی دەسەلات فەرهەنگی چاوروانی بۆ زهووری مەهدی بە جێگای هەوڵدان و تێکۆشان بە مەبەستی گۆرانکاری لە پێکهاتەی سیاسی – کۆمەڵایەتی جێنشین بکات و بەم شێوەیە داخوازی چینی کرێکار و خەڵکانی ستەم لێکراو و زەحمەتکێشانی تر بە ناوی لایەنگری لە رۆژئاوا و بەکرێگیراوی بێگانەکان سەرکوت بکرێ . و لە هەمان حاڵدا کە بەلینی زهووری مەهدی دەدا هێزی سەرکوتگەری نیزام وەک سوپای پاسداران ، حیزبوللا و ئەنساری حیزبوللا و بەسیجی بۆ سەرکوتی بزووتنەوەی خەڵکی دامەزراند .

پاش هەڵبژاردنەکانی دەورەی دەیەمی سەرۆک کۆماری و کوشتاری نارازیان ، جەریانی بنیادگەرای خامنەیی – ئەحمەدی نەژاد سەرخۆش لە لەناوبردنی رەقیبی ریفۆرمخواز هەموو رۆژێک بە قازانجی باڵی خۆیان و بە دژی کۆمەڵانی ستەم لێکراو یاسا و بریار دەردەکەن . هێزی سەرکوتگەر ئاشکراتر لە هەر کاتێکی تر لە شەقامەکان بۆ سەرکوتی خەڵکی حازر و ئامادەیە و لە کارخانە و شوێنی کاری کرێکاران و زەحمەتکێشان دەسدرێژی بۆ سەر مافەکانی سینفی ئەم سینفانە روو لە زیادبوونە . و رێبەرانی سەندیکاکان زیندانی دەکرن و هەروەها خەباتگێران لە سێدارە دەدرێن . بەڵام دەنگی نارەزایەتی رۆژ لە دوای رۆژ لە لایەن چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگا وەک کرێکاران ، ژنان ، خوێندکاران و زەحمەتکێشان بەرزتر دەبێتەوە . لە لایەکەوە هەر جار کۆمەلانی ستەم لێکراو بە دژی دیکتاتورەکان هەڵدەستن ، لە هەمان کاتدا دام و دەزگای تەبلیغاتی ئیمپریالیزم دەس بە کار دەبێ و رێبەر تەراشی دەکات . سەفیرانی ئەملاو ئەولای خۆی کە لە کوشکی سپی و پەرلەمانی ئوروپا پەروەردە کراون لە گەڵ راوێژکاران و موستەشارەکانی و

**هەر جار کۆمەڵانی ستەم لێکراو بە دژی دیکتاتورەکان هەڵدەستن ، لە هەمان کاتدا دام و دەزگای تەبلیغاتی ئیمپریالیزم دەس بە کار دەبێ و رێبەر تەراشی دەکات .**

هەروەها هەزاران هەواڵنیری سی –ئین و بی – بی –سی و دەنگی ئەمریکا و ئیسرائیل و ئورو نیوز کە لە ئیمکاناتی یەکجار زۆری ماهوارەیی و تەبلیغاتی بەرهەرەمەندن بەسیج دەکات تاکو رەوتی رووداوەکان بە مەیلی خۆی بەرەو پێش ببات . رووداوەکانی میسر و هەلویستی ئیمپریالیزمی جیهانی و بە تایبەت ئیمپریالیزمی ئەمریکا وەک گەورەترین پشتیوانی دیکتاتوری سی ساڵەی حوسنی مبارک بە باشی سەلمێنەری راستیەکانە . بەکرێگیراوی سازمانی سیخۆری ئەمریکا بە ناوی محەمەد ئەلبەرادیعی هاوشان لە گەڵ رێکخراوی دواکەوتووی ئیخوان ئەلموسلمین هەوڵ ئەدەن جێگای خاڵی حوسنی موبارەک بۆ ئیمپریالیزمی ئەمریکا پر بکەنەوە و پارێزەری قازانج و بەرژەوەندی ئەرباب بن ز ئەوان غافیل لەوەن کە کۆماری ئیسلامی وەها



لەکەیکی نەنگە لە سەر داوینی کۆمەڵگای ئینسانیدا کە خەڵکی میسر و رۆژهەڵاتی ناوەراست کە ئێستا بۆ وەدیهێنانی داخوازیەکانیان هاتوونەتە مەیدانەوە حازر نین بۆ جارێکی تر تەجرووبەی ئێران و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتەکانیان دووپات بکەنەوە .

ئێستاکە رژیمی کۆماری ئیسلامی لە وەزعێکی زۆر ئاڵۆزدایە و بە پێچەوانەی ئەو کاتەی کە هەموو باڵەکان لە دەورانی خومەینی لە گەڵ یەکتردا بوون ئێستاکە لە بەرانبەر یەکتردا راوەستاون و تەنانەت لە ناو بردنی فیزیکی یەکتر داوا دەکەن و لە مەجلیسی رژیم داوای لە سێدارەدانی سەرکردەکانی بزووتنەوەی سەوز ئەکەن . لە لایکی ترەوە دەوڵەت لە بەرانبەر مەجلیس راوەستاوە و پەسەندکراوەکانی مەجلیسی رەت دەکاتەوە و لە بەرانبەردا مەجلیس متمانە ناکاتە دەوڵەت . دەوڵەت لە مەجمەی تەشخیسی مەسلەحەتی نیزام شکایەت دەکا و داوای عەزلی هاشمی رەفسنجانی لە سەروکایەتی ئەو دەکات و ئەحمەدی نەژاد هەوڵ دەدات تاکو سەروکایەتی مەجلیسی خوبرەگان لە دەستی هاشمی رەفسنجانی دەربێنێت . ئەمە لە حاڵێکدایە کە سوپای پاسدارانیش ئەیەوێ وەزراەتی ئیتلاعات بکیشێتە ژێر رەکیفی خۆی و وەزارەتی ئیتلاعاتیش لە سوپای پاسداران بۆ لای خامنەیی شکایەتی بردووە . لە هەمان حاڵدا میسباح یەزدی هەوڵ دەدا تاکو پاش مردنی خامنەیی دەسەڵاتی سیاسی بە دەستەوە بگرێ و لەم ناوەدا خامنەیی ئوتوریتەی خۆی لە دەس داوە . لە ئاوا هەلومەرجێکی ئاڵۆزدا بزووتنەوەی خەڵکی دەبی مەسیری خۆی بە باشی دیاری بکات و لە پیلانگێری ئیمپریالیزم و بەکرێگیراوانی غافیل نەبێ . هوشیاری هەرچی زۆرتر زامنی سەرکەوتنە و بەس . داواکاریەکان ئێستاکە رادیکاڵن و خواستی رووخانی نیزام شتێک فەراتر لە خواستی ئیمپریالیزم و باڵی ریفۆرم خوازانە .



# 8ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان , ڕۆژی خەبات دژی زۆڵم و چەوسانەوە

له 8 مارسی ساڵی 1857 ژنانی نیویورک به سازدانی گەورەترین خۆپیشاندانی سەدەی ڕابردوو , دژی چەوساندنەوەی له ڕاده بەدەر و کاری تاقەت پڕۆکێنی 12 کاتژمێری و هەروەها بۆ وەدەست هێنانی مافی دەنگدان بۆ ژنان , دەنگی خەباتگێڕانە و پڕ خرۆشی خۆیان به گوێ هەموو خەڵکی دونیا گەیاندن . ئەگەر چی داخوازیەکانی ئەوان له هەمان قۆناخدا وەدی نەهات , بەڵام سەرەتایەک بوو که له بەردەوام بوونی خۆیدا , ئەم ڕۆژه مەزنەی کرده خاڵێکی گرینگ له مێژووی خەباتی ژنانی جیهان . ژنانی خەباتگێری ئەمریکا توانیان له درێژەی خەباتی خۆیان , داخوازیەکانی ڕەوای خۆیان دژی سیستەمی سەرمایەداری واته میرات خۆری هەموو نکبەتەکانی کۆمەڵگاکانی چینایەتی , وەدەست بهێنن و ترس و دڵەراوکه بخەنه ناو دڵی سیستەمی ڕزیوی دەسەڵاتدار .

له ساڵی 1910ی زائینی به پێشنیاری کلارا زیتکین ( یەکێک له مەزنترین ڕێبەرانی بزووتنەوەی کرێکاری ئەڵمان ) و بۆ ڕێز دانان له خەباتی قارەمانانەی ژنانی ئەمریکا له 8ی مارسی 1904ی زائینی که له درێژەی خۆیدا له جیهاندا بڵاو بووەوە , و داخوازیەکانی ئەوانی کرده داخوازی گشتی خەباتی ژنان له سەرانسەری جیهان , له کونفرانسی نێونەتەوەیی ژنان له کوپنهاک , 8ی مارس وەک ڕۆژی جیهانی ژنان له خەبات بۆ ڕزگاری ڕاگەیاندرا و لەم ڕێکەوته به دوادا هەموو ژنانی جیهان به سازدانی خۆپیشاندان , مانگرتن , و میتینگ له سەرانسەری جیهان و به هەر شێوەیەکی مومکین ڕێز لەم ڕۆژه شکۆداره دەگرن و خەباتی خۆیان دژی سیستەمی سەرمایەداری و هەموو پاشماوەکان و ئاسەوارەکانی سیستەمەکانی کۆن و ڕزیو توند دەکەنەوە و بەم شێوەیەدا نارەزایەتیەکانی خۆیان دژی بێ مافی نێویک له کۆمەڵگا وەک یەکێک له ڕەنگدانەوەکانی ڕوو به مەرگی جیهانی سەرمایەداری نیشان دەدەن . مێژووی کۆمەڵگاکانی چینایەتی نیشاندەری ڕیسوایی هەتا هەتایی بچووک ژمێردنی ژنان له لایەن چینەکانی دەسەڵاتداره . له هەمووی ئەم کۆمەڵگایانه ژنان له بواری جێگا و شوێنی کۆمەڵایەتی له پلەی دووهەم دانراون و وەک مرۆڤێکی لاواز که تەنیا دەتوانێ پەروەرده کردن و سەرپەرەشتی منداڵانی خۆی به ئەستوو بگرێ , چاوی لێ کراوه . مێژووی کۆمەڵگاکانی چینایەتی ئاوا که نیشاندەری ئاڵوگۆری شێوەی چەوساندنەوەی مرۆڤەکانه , به هەمان شێوەیش نیشاندەری فراوان بوونی شێوەکانی بچووک ژمێردن و له دوا ڕاگرتنی ژنانه . ئەگەر له کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی ژن وەک مرۆڤێکی بێ مێشک و کۆیلەی هەتا هەتایی پیاو دەژمێردرا , له کۆمەڵگای سەرمایەداری سەرەرای پەروەرده کردنی هێزی کاری هەرزان بۆ بازاری کاری سەرمایه , خۆیشیّ وەک هێزی کاری پاشکەوت چاوی لێ دەکرێت . سیستەمی سەرمایەداری هەموو بچووک ژمێردنەکانی مێژووی کۆمەڵگاکانی چینایەتی له بچووک ژمێردنی ژن له گۆڕەپانی بەرهەم هێنان و به دانی حەق دەستی کەمتر و پێک هێنانی نابەرانبەری تەنانەت له دانی لانی کەمی دەس ڕەنجی ئەوانیش نیشان دەدات و له بەرانبەر کاری یەکسان و بەرانبەر له گەڵ پیاوان , حەق دەستی کەمتر به ژنان دەدات . ئەگەر تایبەتمەندی ژنان له کۆمەڵگاکانی پێش له سەرمایەداری , دیل بوونی ژنان تەنیا له چوارچێوەی کاری ناو ماڵ و دابەزینی ژن تاکو پلەی بەرهەم هێنەری نەسڵی مرۆڤ بوو , به گەشه کردنی تەکنیک و پەرەساندنی پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان له کۆمەڵگای بورژوایی , ژنان سەرەرای دیل بوون , هەروا له هەمان چوارچێوەکانی پێش دا له بوارەکانی تریش بچووک دەکرێن . کار له خراپترین هەل و مەرجەکان و به کەمترین ڕادەی حەق دەس له کارگه و کارخانەکان تەنیا بەشی ژنان له پەرەساندنی پەیوەندیەکانی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی کۆمەڵگای بورژوائیه .

هەزاران ساڵ بچووک ژمێردن و ئیهانه و سوکایەتی کردنی به نیوێک له مرۆڤەکانی کۆمەڵگا , ئاوا پوتانسیلێکی شۆڕشگێرانەی له ژنان پێک هێناوه که تەقینەوەی تێگەیشتوانەی ئەو له ڕەوتی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی , هێزێکی مەزن بۆ ڕزگاری له هەموو نکبەتەکانی سەرچاوه گرتوو له بێ بەزەئیانەترین شێوەکانی چەوسانەوەی چینایەتی ئازاد دەکات و له خزمەتی ڕزگاری هەموو بێ بەشانی کۆمەڵگا دادەنێ .

له سەرەتای گەشەسەندنی سەرمایەداری ژنان و منداڵان وەک (( ئەرتشی پاشکەوتی کار )) له کارخانه و مەزراکان و له ژێر تازیانەی کاری تاقەت پڕۆکێنی شەوانه و ڕۆژانه و به توندترین شێوه چەوسێندرانەوه , له هەمان حاڵدا وەک شمشێری داموکلسێک دەژمێردران که بورژوازی بۆ توند کردنی ستەم و چەوساندنەوه و زەخت هێنان به سەر پیاوانی هاوچینی ئەوان به کاریان دەهێنا . بەڵام به گەشه سەندنی ڕۆژ به دوای ڕۆژی سەنعەت ( پیشه )

و پەرەساندنی گۆرەپانی بەرهەم هێنان , لـە گـەڵ هێنانی هەر چی زۆرتری ژنان بە گۆرەپانی بـەرهـەم هێنان , و لە پاڵ ئەوێدا خەباتی پەرە ئـەسـتـێـنـەری کرێکاران دژی سیستەمی سەرمایەداری , بـورژوازی مەجبوور کرا تاکو هندێك مـافـی کـۆمـەڵایـەتـی و ئابووری ژنان بە ڕەسمی بناسێ . ئـەگـەر چـی ئـەم مافانە تەنیا بەشێك لە مافەکانی ژنان وەك نیوێك لە حەشیمەتی کۆمـەڵـگـا دەژمـێـردرێ , بـەڵام لـەم چوارچێوەیشدا تەنانـەت لـە پـێـشـکـەوتـووتـریـن کۆمەڵگاکانی سەرمایەداری , وە دیـهـاتـنـی هـەمـوو مافەکانی ئەوان هیچ کات لە لایەن بـورژوازی دابـین نەکراوە . بەڵام لە گەڵ زۆرتر بوونی ڕۆڵی ژنـان لـە بەرهەم هێنانی کۆمەڵایەتی , دەرچوونـی ئـەوان لـە سنووری تەسکی کاری ناو ماڵ و کـۆ بـوونـیـان لـە کارخانەکان , بووە هۆی ئەوەی کە ژنان هەرچی زۆرتر بە گۆرەپانی خەبات پەیوەست بن و بـە گـوشـت و پێستی خۆیان هەست بە پێویستی خەبات بۆ ڕزگـاری لە قەید و بەندەکانی سیسـتـەمـی نـکـبـەت بـاری سەرمایەداری بکەن .

بزووتنەوەی ژنان ئەگەرچی لە سەرەتای خەباتی ئەوان زۆرتر بۆ وە دست هێنانی مافەکانی دیـمـوکـراتـیـك بوو , بەڵام لە گەڵ گەشەسەندی سـەرمـایـەداری و بەشداری ڕاستەوخۆ و بەربڵاوی ژنـان لـە بـەرهـەم هێنانی کۆمەڵایـەتـی , تـووند بـوونـی سـتـەم و چەوساندنەوە سەرەرای ستەمی پیاو سالاری , بـووە هۆی ئەوەی کە خەباتی ئەوان زۆرتر لـەوەی کـە لـە پێش دا بوو لایەنی چینایەتی بە خـۆیـەوە بـگـرێ و کینەی سەرچاوەگرتوو لە حکومەتی بـەربـەریـەت و وەحشیگری کۆمەڵگای چینایەتـی لـە گـەڵ کـیـنـەی چینایەتی لە ژنان پێوەندێکی جیا نـەکـراو پـێـکـەوە ببەستێ. بێ گۆمان خەباتی ژنان لە تـەواوەتـی خـۆی خەباتێکی دیموکراتیکە , چۆنکە لە قۆناخی یـەکـەم دا دەبێ ئەو مافانەی کە هـەزاران سـاڵ کـۆمـەڵـگـای چینایەتی بە فەرهەنگی پیـاو سـالاری پـێـشـیـلـیـان کردوون , وە دی بهێنن . بەڵام هەڵەیە هەر کات ئـاوا بیر بکەین کە ئەم خەباتە لەم چوارچێوە و تەنیـا بـەم داخوازیانە دەتوانێ بە ئاکامێکی سەرکەوتووانە بـگـات و ئامانجەکانی سەرکەوتووانەی لـە بـەر دەم خـۆی دابنێ . لە دەورانی ئیمپریالیزم هـەر ئـالـوگـۆڕێـکـی دیموکراتیك تەنیا لە چـوارچـێـوەی شـۆڕشـەکـانـی پرولەتری مانای خۆی دەدۆزێتەوە و لەم ڕوانگەیە دا وە دیهاتنی بە تەواوی مافەکانی کۆمەڵایەتی ژنان جگە لە شۆڕشی پرولەتری مومکین نیە . لە لایێکی دیـکـەوە سەرکەوتنی حەتمی ئەم شۆڕشانە بە بـێ بـەشـداری چالاکانە و ڕاستەوخۆی ئەم نیوە لە کۆمەڵگا مـومـکـین نیە .بە بێ تێکەڵاو کردنی ئەم خەباتە بـۆ لابـردنـی ستەمی دووقات لە کۆمەڵگای سـەرمـایـەداری , بـە خەبات بـۆ لـە نـاو بـردنـی ئـەم سـیـسـتـەمـە چەوسێنەرانەیە , هێزی گەورە و پوتانسێلی بە هێـزی خەباتی نیوێك لە کۆمەڵگا واتە ژنان بە فێرو دەچێ .

لە ئێرانیش دەسەڵاتی ڕەش و نـگـریـسـی کـۆمـاری ئیسلامی بە بەڕێوەبردنی یاساکانی دواکـەوتـووانـەی سەدەکانی ناوەراست دژی ژنـان هـەمـوو مـافـە سەرەتائیەکانی ئەوانیان بە تەواوی پێشیڵ کـردووە و ژنان وەك کۆیلەکانی ژووری خـەوتـن و مـەتـبـەخ ( ئاشپزخانە ) چاویان لێ دەکرێ . ژنان لە ئێرانی ژێـر دەسەڵاتی مەلاکان بڕیاردەر نین و تەنانەت ناتوانن بە بێ ئیجازەی مێردەکانیان لە ماڵەوە بـڕۆنـە دەرێ .

ئێستا ئەگەر بڕوانینە وەزعی ژنانی کـوردسـتـان ئـەو کات بە دیتنی ستەمـی سـێ قـات وەك سـتـەمـی چینایەتی , نەتەوایەتی , جینسی , لە سەر ژنانی کورد تێدەگەین کە چارەیەك بۆ ژنانی ستەم لێکراوی کـورد نامێنیتەوە مەگەر ئەوەی کە بۆ وەدیهێنانی مافە ڕەوا پێشیڵ کراوەکانی خۆیان بە تووندترین شـێـوە دژی یاساکانی دواکەوتووانەی سەدەی ناوەراستی داسەپـاو لە لایەن کۆنەپەرەستانی حاکیم بە سەر چارەنووسیـان ڕاوەستن . و بە تەواوی لـە بـززتـنـەوەی ڕزگـاری خوازانەی گەلی کورد بۆ وەدیهێنانی مافی دیایـکـردنـی چارەنووسی خۆیان بەشداری بکەن .

**کۆماری فیدراتیوی شووراییی ئێران، یەکسانی ماڤی هەموو هاوڵاتیان بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز، نەتەوە، مەزهەب، بیروڕا، جینس، زمان وهتد...لە هەموو بوارەکان بـەرەسمی دەناسێت. و دژی هەرچەشنە ئیمتیاز و ستەمیك بەنیسبەت کەمایەتیەکانی نەتەوەیی، فەرهەنگی و هتد... خـەبـات دەکاو خەبات دژی پیـاوسـالاری، دژایەتی لەگەڵ ژنان و بـاوەرەکـانی دواکەوتووی مـەزهەبی و کـۆن بـەتـایـبەت لـە بواری هێرش بردنـە سەر ماڤەکان و یەکسانی**



## پیام تسلیت سازمان بمناسبت درگذشت ماموستا عزالدین حسینی

با کمال تاسف خبردارشدیم که روحانی مبارز و یکی از رهبران جنبش انقلابی کردستان آقای شیخ عزالدین حسینی در کشور سوئد درگذشته است .عزالدین حسینی از جوانی درجنبش دموکراتیک و ملی کردستان فعال بوده است و در دوران جمهوری مهاباد به رهبری قاضی محمد فعالیت سیاسی خود را در حزب دموکرات کردستان پی گرفت وی درجریان قیام 57 و بعد از یورش نیروهای جمهوری اسلامی به کردستان درسنگر دفاع از منافع توده های مردم با جریانات چپ همگام شد و بعنوان یک روحانی ، دین را مسئله شخصی افراد میدانست و به جدائی مذهب از سیستم حکومتی تاکید داشت .او سعی میکرد با سنت های ارتجاعی و انسان ستیزانه مذهب مرزبندی داشته باشد و از مخالفان سنت و رسم های ارتجاعی و عقب مانده درکردستان نظیر ازدواج اجباری و » ژن به ژن « بود . وی در کوران مبارزات خلق کرد در بعد از قیام به رغم خواست خمینی بر بیعت با جمهوری اسلامی نه گفت و نه تنها دست رد به سینه رژیم ارتجاعی جمهوری اسلامی و سرکرده آن خمینی زد بلکه رفراندم جمهوری اسلامی را نیز تحریم نمود . عزالدین حسینی سالهای پایانی عمر خود را درکشور سوئد در تبعید به سر برد و تا آخر عمر همچنان به امر آزادی ، برابری و حق تعیین سرنوشت خلق کرد پایبند ماند . یاد عزالدین حسینی در خاطره خلق زحمتکش کرد و همه انقلابیون و خلقهای تحت ستم و استثمار باقی خواهد ماند . بدینوسیله ضایعه مرگ وی را به خلق زحمتکش کرد و بازماندگان او تسلیت میگوئیم .

روابط عمومی سازمان اتحاد فدائیان
کمونیست 25 بهمن 1389



# سەرکەوتن بۆ کۆمەڵانی خەڵکە !

سەرکردەکانی ڕێژیمی حاکیم سەرەرای دژایەتی و ناکۆکیەکانی ناچارەسەری ناوخۆیی خۆیان , وەک هەمیشە لە سەرکوت و کوشتاری کۆمەلانی خەڵک و بزووتنەوەی نارەزایی ئەوان هاوپەیمانی یەکترن . ئێستاکە کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکانی ستەم لێکراوی وڵاتەکەمان لە ژێر توندترین شێوەکانی سەرکوتن و ڕۆژێک نیە کە گوللەی ئینسان کوژانی کۆماری تاریکی و نەزانی و خورافە پەرەستی ئیسلامی دڵی ڕۆڵەکانی خەڵک لە گۆشە و کناری وڵاتەکەمان نەپێکێ . لە حاڵێکدا تازیانەکانی بێدادگاکانی ڕێژیم لە سەر جەستەی کرێکاران و زەحمەتکێشان دێە خوارێ , لە هەل و مەرجێک کە دیکتاتۆری هەوسار پچراو سێبەری نگریسی خۆی وەک بایەقۆش بە سەر سەری کۆمەڵانی خەڵکی رەنجدەر و ستەم لێکراو داخستووە , بێکاری و برسیەتی , بێ خانوویی و هەزاران نەهامەتی‌تر کۆمەڵگای ئێمەی بەرەو کارەساتێکی دڵتەزینی مێژوویی دەبات , لەم حاڵەدا پەیکاری سیاسی خەڵک و لە پێشەوەی ئەو چینی کرێکار هەروا بەردەوامە . بەڵێ , خۆڕاگری و خەبات , سەرەرای هەوراز و نشێوی زۆر لە قووڵایی کۆمەڵگای ئێمە جەریانی هەیە . بارودۆخی زۆر نالەباری ئابووری , توند بوونی دژایەتیەکانی چینایەتی و قەیرانی هەموو لایەنەی کە ڕێژیمی دواکەوتووی دەسەلاتدار لە چارەسەری ئەو بێ توانایە , خۆ بە خۆ کۆمەڵانی زۆرتر لە خەڵکی ژێر ستەم و چەوساوە بۆ لای خەباتەکانی بڵاوە بەلام بەردەوام ڕادەکێشێ . بەڵام ئەم خەباتانە لە هەر شوێنێکی کار و ژیان پێویستیی هەیە بە ڕێکخستن و بەرنامەی روون و دیاریکراو تاکو ببنە زرڕیانێکی مەزن و رووخێنەر .

ئەمە راستیەکە کە کۆماری ئیسلامی مانەوەی خۆی لە درێژەدان بە سیاسەتی سەرکوت و زەوتی سەرەتائیترین مافەکان و ئازادیەکانی سیاسی تاکەکەسی و گشتی دەبینێ و هەمیشە هاوکات لە گەڵ توند بوونی قەیرانەکانی ناوخۆیی دەس دەداتە سیاسەتی توندتر کردنی سەرکوت و خوڵقاندنی کەش و هەوای ترس و تۆقاندن لە ناوخۆی کۆمەڵگادا تاکو مەگەر بەم شێوەیە بەر بە پەرەساندنی خەباتی کۆمەڵانی زەحمەتکێش بگرێ و سیاسەتی بێ مافی خەڵک , توندتر کردنی چەوساندنەوە و تالانی کرێکاران و زەحمەتکێشان بەرێوە ببات . کۆمەڵانی رەنج دیتووی خەڵک کە زۆرتر لە دوو دەیە سیاسەتەکانی یەکجار دواکەوتووانە , تالانگەرانە , شەڕخوازانە و سەرکوتگەرانەی ڕێژیمی حاکیم تەجرووبە دەکەن و هەژاری و چارەڕەشی بە گۆشت و پێست و ئێسکی خۆیان هەست دەکەن , ئەمرۆکە ناتوانن نەفرەت و بێزاری خۆیان لە سەرکردەکانی ڕێژیم و یاساکانی دواکەوتووانەی دژی مرۆیی ئەو بشارنەوە و خوازیاری رووخاندنی ڕێژیم لە تەواوەتی ئەون . ڕێژیمێک کە جگە لە رووخاندنی لە تەواوەتی ئەو و بە هەموو دام و دەزگاکانی پەیوەندیدار لە گەڵ ئەو , هەر جۆرە ئاڵوگۆڕێکی‌تر لە پێکهاتی ئەو بە مانای رازاندنەوەی دەسەلاتی سەرکوت و هەژاری حکومەتی چەوسێنەرانەیە .

ئیرادەی خەڵکی چەوساوە بێ گومان لە سەر رووخاندنی دەسەلاتی زوڵم و ستەمە . سەرکەوتن بۆ کۆمەلانی خەڵکە , بە هەموو هێزمانەوە بۆ ڕێکخستنی خەباتی کۆمەڵانی خەڵک تێ بکۆشین .

# نامەی رۆزا لە زیندانی ورنک لە رێکەوتی
# 2ی مەی 1917 بۆ سونیا لیبکنشت




1870 -1919 ***Rosa Luxemburg*** شۆرشگێر و رێبەری سوسیالیست و کۆمۆنیستی ئاڵمانی بوو . ئەو لە بەرجەستەترین کەسایەتیەکانی سوسیالیستی سەرەتای سەدەی بیست بوو . ئەو لە دامەزرێنەرانی حیزبی سوسیال دیموکراتی ولاتی پاشایەتی لەهەستان و یەکێتی ئیسپارتاکیست ( لە دوایی دا حیزبی کۆمۆنیستی ئاڵمان ) بوو .لە ساڵی 1919 بە دوای راپەرینێک کە شکستی هێنا لە لایەن دەوڵەتی ئاڵمان دەستگیر کرا و لە گەڵ رێبەرانی تری حیزبی کۆمۆنیستی ئاڵمان وەک کارڵ لیبکنشت گوللەباران کرا .

---

" ئایا لە بیرتە لە مانگی ئاوریلی رابردوو ، رۆژێک ساعەتی 10ی سەرلەبەیانی تەلەفونم بۆ هەر دووتان کرد تاکو تکاتان لێبکەم لە گەڵمدا بن بۆ باخی گیاکان بۆ گوێ راگرتن لە دەنگی بولبول . لە سەر کۆمەیەک لە بەرد لە قەراخ کانیاوێک دانیشتبووین و بە دوای ئاوازی بولبول دەگەراین کە لە ناکاودا هاوارێکی یەک ریز و بەرزمان بیست . من وتم کە دەبێ دەنگی باڵندەی مردئاو بێت و کارلیش وای وت ، بەڵام هەرچی هەوڵمان دا نەمانزانی دەنگی چی بوو . وابیر کەرەوە کە چەند رۆژ لەمەوبەر ، بەرەبەیان ، هەمان دەنگە بەرزە هاتە گوێم . دڵم بە تووندی لێدەدا . تاکو ئەمرۆ ئارام و قەرارم نەبوو تا ئەوەی کە بزانم ئەم باڵندەیە کە ئاوا هاوار دەکات چیە . تا ئەوەی کە زانیم ئەم باڵندەیە لە باڵندەکانی مردئاو نیە ، ناوی تورکوڵ ە و لە جۆری قالاوە . بریک لە چولەکە گەورەترە و لە بەر ئەوەی کە کاتێک لە مەترسیدایە هەوڵ ئەدات بە حەرەکاتی مەسخەرە و سووراندنی سەردا ، دوژمنەکانی بترسێنێ ، ناویان ناوەتە تورکوڵ . بە زمانی میرولە دەگرێت و دەیخوات ، وەک ورچی میرولە خور . بۆیە ئیسپانیائیەکان بەم باڵندەیە ئەڵن " هور می گیرو " واتە مریشکی میرولە خور . هەروەها " موریک " بۆ وەسفی ئەم باڵندەیە شیعرێکی جوانی تەنزی وتووە کە ئاهەنگەکەی لە هوگورلوف ە . لەو رۆژە کە ئەم باڵندە ناڵانەم ناسیوە وەک شتێک بە دیاری وەرگرتبم . لەوانەیە ئەگەر ئێوەیش بۆ " کارڵ " ئەمە بنووسن ، زۆر پێ خۆشحاڵ بێت . دەپرسن چ دەخوێنم ؟ زیاتر کتێبەکانی زانستی سرووشتی ، جوغرافیای گیاکان و جانەوەرناسی . دوێنێ کتێبێکم خوێند لە بارەی هۆیەکانی لە ناوچوونی نەسلی باڵندەکانی ئاوازەخوێن لە ئاڵمان . کشتوکاڵ لە ناو دارستانەکان ، باخەکان و زەویەکان بە رادەیێکی زۆر هەموو ئیمکاناتی سرووشتی بۆ هیلانەکردن و بە دەس هێنانی خوراک لە باڵندەکان دەستینێ .بە دوای کشتوکاڵدا ، بەرەبەرە درەختەکان پوچەڵ دەبن و پەلوپووی وشکی ئەوان کە لە سەر زەوی دەرژێ لە ناو دەچێ . و زۆر پێ ناراحەتم . نە ئەوەی کە نیگەرانی ئاوازی باڵندەکان بۆ حەز بردن لە دەنگی ئەوان بم ، بەڵکو لە ناو چوونی ئیجباری و بێ دەنگی ئەم جانەوەرە بچووک و بێ دیفاعانەیە کە بووەتە هۆی ناراحەتی من ، تا ئەو رادەیە کە فرمیسک دێتە ناو چاوانم .ئەم شتە وتەی پروفیسوری رووسیی بە ناو " سیبر " هێنایە بیری من کە لە بارەی هۆیەکانی لە ناو چوونی سوور پێستەکانی ئەمریکای باکوور قسەی کردەبوو و کاتێک لە زوریخدا بووم کتێبەکەیم خوێند . سوور پێستەکانیش وەک باڵندەکانی ئاوازە خوێن ، بە دەستی مرۆڤی پێشکەوتوو بەرەبەرە لە نیشتمانی خۆیان دەر کران و مەحکوم کرانە مەرگێکی بێ دەنگ و ستەمکارانە . بەڵام لەوانەیە من نەخۆش بم کە لە بەرانبەر هەر شتێک ، هەستی بێ سنوور لە خۆم نیشان ئەدەم . هێنی جار هەست دەکەم مرۆڤێک نیم بەڵکو باڵندە یان جانەوەرێکم کە بە هەیبەتی مرۆڤـ دەرهاتووم . لە زاتدا لە کونجی باخچەیەک ، وەک باخچەی ئەم زیندانە ، یان کاتێک لە گەنم زارێک لە سەر گیاکان راکێشاوم ، زیاتر هەست بە بوون لە ماڵەوە دەکەم تا ئەوەی لە کونگرەیێکی حیزبیدا . ئەم قسەیە دەتوانم بە ئێوە بڵێم . دەزانم کە دەس بە جێ من وەک خاین بە سوسیالیزم ناو نابەن . باش دەزانن کە لە هەمان حاڵدا هیوای من لەم ئەرکە کە لە سەر شانمە ئەمەیە کە بمرم : واتە لە شەرێ ناو شەقام و یان لە گوشەی زیندان . بەڵام لە ئەسڵدا من زیاتر موتەعەلقم بە باڵندەکانی ناو چیا تا بە هاورێیانم . نە وا بیر بکەنەوە کە وەک زۆربەی سیاسەت مەدارانی کە تووشی وەرشکستەگی دەروون بوون ، تەنها لە ناو سرووشتدا هەست بە پەنا و ئارامش و ئاسوودەیی دەکەم . بە پێچەوانە من لە خشونەتی ناو سرووشت بە رادەی خشونەتی نێوان ئینسانەکان رەنج دەبەم . بۆ نموونە داستانێکی بچووک کە لە بیرم ناچێ بۆتان باس دەکەم .لە بەهاری رابردوودا کاتێک لە سەیرانی مەزرا دەگەرامەوە لە جادەیێکی بێ دەنگ و چۆڵدا تێدەپەریم ، لە ناکاودا چاوم بە لەکەیێکی رەش و بچووک کەوت و لە پەردا کارەساتێکی بێ دەنگم بە چاو بینی ز بەم شێوەیە : سیسرکەێک بریندار بوو و بە سەر پشتدا و بە نائومیدی تەواو پەلەقاژەی دەکرد . لە هەمان حاڵدا کە میرولەیێکی زۆر کەوتبوونە سەر لاشەکەی و زیندوو زیندوو دەیانخوارد . داچەلەکام و دەسماڵەکەم دەرهێنا و میرولەکانم دوور کردەوە . میرولەکان ئەوەندە نەترس و یەک دەندە بوون کە بۆ ماوەیێکی زۆر لە گەڵ مندا شەریان کرد تا ئەوەی لە کۆتایی دا توانیم سیسرکەکە رزگار بکەم . لە سەر گیاکان دامنا بەڵام هەر دوو قاچی ئەویان خواردەبوو . بە رێ کەوتم . بەڵام ئەم هەستە هەر لە گەڵمدا بوو کە لەوانەیە چاکەی من لە حەقی ئەودا هیچ سوودێکی نەبوو بێت .ئێوارانی دوور و درێژ هەر لە ئێستاوە دەستی پێکردوون . چەندە من ئەو کاتانە ئەم کاتەی رۆژم خۆش ئەویست . لە " سوردند " سار زۆر بوو . لێرەدا تەنانەت یەکێکیش نە دەبیندرێ و نە دەنگی دەبیستری . بە درێژایی ئەم زستانەدا خوراکم دایە جوتێک سار . بەڵام ئێستا رۆیشتوون . لە " سوردند " عادەتم کردەبوو ئێواران لەم ساعەتەدا ، لە شەقامەکان بگەرم . چەند جوان بوو . لە ئاخیرین ساعەتەکانی مۆری رۆژدا ، بلیسەکانی سووری گلوپەکانی گازی لە ناکاودا دادەگیرسان و بە شەرمەزاری دەجوولانەوە وەک شتێک بە نیسبەت ئێوارەدا هەست بە ناراحەتیان دەکرد . لە ناو کولاندا سێبەری نادیاری دەربانێک دەهاتە پێش و یان خزمەتکارێک بە پەلە بۆ شت کرین خۆی دەگەیاندە دوکانی نانەوایی و یان عەتاری . مندالانی پینەچی کە لە گەڵمدا دۆست بوون خەریکی گەمە کردن بوون لە ناو کولاندا تا ئەو کاتەی کە دەنگێکی بەرز لە پێچی کولان ئەوانیان بۆ ناو ماڵ بانگ بکردایە . لەم کاتەی رۆژدا سارێک بوو کە نەیدەتوانی ئارام بگری ز وەک منداڵێکی بی تەربیەت هاواری دەکرد و لە لقێک دەپەریە لقێکی تر . و من هێشتا لە ناو شەقامدا بووم ، تا ئەوەی کە یەکەمین ئەستێرەکان بژمێرم . و هیچ نەمدەویست شنەبای ئێواران کە شەو رۆژ لە گەڵ یەکتر تێکەڵ دەکات ، بە جێ بهێڵم و بگەرێمەوە بۆ ماڵەوە ." سونتیسکا " بەم زووانە بۆتان نامە دەنووسم . ئاسوودە و سەرحاڵ بن . هەموو شت چاک دەبێتەوە . هەروەها بۆ کارلیش . بەو هیوایە کە بتانبینم . تا نامەیێکی تر ." رۆزای ئێوە "




## مامە لفتەیش دیشی کڕی !!!

یادی بە خێر زەمانێک تەنها رادیو بوو و بەس ، تا گوێمان لە هەواڵێک بوو گیانمان دەگەیشتە نووکی لووتمان بەڵام سەرەرای هەموو گرفتەکانی وەک دەنگ و پارازیت و . . . هیتد دیسان بە زەحمەتی دەئەرزی و ئینسانیشی ماندوو نەدەکرد . بەڵام ئێستاکە چی بووە بە بوونی ئەم هەموو کاناڵە تلویزیونیە ماهوارەئیە . . . کە زۆربەیان وەک دوکان و کیوسک دێنە بەرچاو . . .

منیش ماوەیکە کە بە هەزار بەدبەختی دیش و بەن و بەساتم رێ خستووە ، نوێ نیە بەڵام باش کار دەکات و ئەوەێ پێمی فرۆشت وتی هی وەرشکستەیێکی سیاسی بووە کە تەنها تەماشای فارسی وانی کردووە و شەبەکەکانی تر وەک خۆی ماوەتەوە . شەوانە کاتێک کاریکم نیە و یان باشتر بلێم لە فەیس بووک وەرەز دەبم ، دادەنیشمە پای تلویزیونەکانی 24کاتژمێری کە لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا , وەک قارچک لەم بەرو ئەوبەر سەریان دەرهێناوە ، بەرنامەکانیانیش زیاتر وەک تەنزە هەڵبەت لە جۆری بێ تامی ئەودا .ئێستا چاوێک ئەخشینە سەر هێندیکیان

کاناڵی یەکم :

مێزی گردی سیاسیی هەبوو ، لە دەوری مێزیکی گەورەدا لە ئوستودیوی تەلویزیوندا دوو کەس دانیشتبوون ، یەکێک پێشکەشکار و ئەوەی تریان میوانی بەرنامەکە ، میوانیش سکرتێری گشتی یەکێک لە حیزبە سیاسیەکانی ئۆپۆزیسیونی کوردی بوو ، سکرتێری گشتی زۆری پێ مایەی شانازی بوو کە لەم کاناڵەدا لە بارەی چەمکی ئێران و ناوچەکە و . . . قسە دەکات ، شتێکی کەم بایەخیش لە لای نەبوو لە بەر ئەوەی کە لە دەنگی ئەمریکا قسەی دەکرد .

پێشکەشکار : ئەلو سڵاو بینەری بەرێز لە سەر خەتی ، بفەرموو .

بینەر : ئەلو . . . ئەلو

پێشکەشکار : بفەرموو ، گوێمان لە تۆیە

بینەر : بەڵێ ، سڵاو ئاغای پێشکەشکار

پێشکەشکار : سڵاو بینەری ئازیز

بینەر : چۆنن ، باشن ؟

پێشکەشکار : زۆر سوپاس ، بفەرموون ، لە خزمەت ئاغای . . سکرتێری گشتی حیزبی . . . و گوی بیستی قسەکانی بەرێزیانین .

بینەر : ویستم سوپاسی بەرنامەکانی بەنرختان بم !؟ و لە میوانی بەرنامەکەتان تکا بکەم ئەگەر ئیمکانی هەیە ئیمیل و سایتی ئینترنێتی حیزبەکەیان بە ئێمە بدەن کە زۆرتر لە گەڵ بەرنامە و سیاسەتی حیزبەکەیان ئاشنا بین . پاش قسە و باسێکی زۆر پێشکەشکار لە میوانی بەرنامەکەی داوا کرد تاکو ئیمیل و ناونیشانی ئینترنێتی حیزبەکەی بدەی بە بینەرانی شەبەکە تا هەر ئەو جۆرەی کە بینەرەکە وتی ئەوان زیاتر لە جەیانی سیاسەتی حیزبەکە قەرار بگرن و ئەگەر کەسێک پرسیارێکی هەبوو لە گەڵ ئەوان لە پەیوەندیدا بێت .

میوانی بەرنامەیش بە پێکەنینەوە وەڵامی دایەوە : هەڵبەتە لە خزمەتدام و پاش ئەوەی کە دەستی کردە گیرفانی راست و چەپی کوت و شەڵوارەکەی و شتێک دەستی نەکەوت ، وتی : وێرای سوپاس لە بەر ئەوەی کە تا ئەم کاتە لە گەڵماندا بووین ، لە بەر ئەوەی کە ئێستاکە حوزوری زەینم نیە و ئیمیل و ناونیشانی ئینترنێتی حیزبەکەمان لە بیردا نیە ناتوانم ئەم کارە بکەم و لە یەکەم فرسەتدا لە رێگای دۆستانمان لەم کاناڵەدا ئیمیل و ناونیشانی ئینترنێتی خۆمان بە ئاگاداری ئێوەی بەرێز دەگەێنین !؟

هەڵبەتە جێی سەیر و سەرسوومان نیە کە سکرتێری گشتی حیزبێکی سیاسی لە بەر مەشغەلەی فیکری و . . . بتوانێ ئیمیل و ئەوانەی تری لە بیر بمینێ . لە بەر ئەوەی کە خەبات و تێکۆشان تەمەرکوزی ئەعسابی بۆ ناهێڵێ !!!!

منیش زۆر بە جیددی نەگرتم و کاناڵەکەم گۆری .

لە ناو ئەم شەبەکەیەدا شۆی یەک نەفەری بوو ، نەفەرێک بە قژی درێژ و رەش و سپی تێکەڵاو و چاویلکەی تە ئیسکانی و وێنەیکی لە پشت سەری ئەودا کە ئەدوت وینەی ئیمامی راحیلیەتی ، رووی قسەکانی لە گەڵ کرێکاران بوو و وەک شتی قسەکانی هەر ئێستا مەسیری مێژوو دیاری دەکات لە سەر لاپەرەکانی مانیفیستی کۆمۆنیستدا وەک بولبول بۆ کرێکاران ئەدوا و نوسخەیان بۆ ئەپیچا و لە کاتی قسە کردندا جار و بار تەکانێک ئەدایە قژی خۆی لە بەر ئەوەی کە جوانتر و جەزابتر بێتە برەچاوی بینەران . لە بەر ئەوەی کە بە وتەی لیدرەکەیان لاوی ئەمرۆی ئێران لە چەپی کۆن بێزارە و ئێستاکە مودیلی رەفتار و گوفتاری ئەو گورانیبێژی راک و جازە نەک چەپی کۆن و بە وتەی خۆی پوپولیست ، بە هەر حاڵ ئەو لە درێژەی قسەکانیدا فەرمانی دا کە هاوکاری حیزبەکەی بکەن کە هی خۆیانە و ئەوانی بەرەو جیهانێکی باشتر رێنمایی دەکات کە بە وتەی ئەودا ژیانی ئینسانی مافی حەتمی ئەوانە !؟

کاناڵ گۆردرا . . . . . . . . . .

لەم کاناڵەدا پێشکەشکار لە گەڵ یەکێک لە بینەرانی خەریک بوو دڵی ئەدا و قلوەی وەردەگرت .

بینەر : باوەرم نابی لە گەڵ ئێوە قسە دەکەم ، هەموو رۆژێک لە پشتی خەت دەمینم ، ئێستاکە توانیم لە گەڵ ئێوە قسە بکەم .

پێشکەشکار : داوای لێبوردن دەکەم . خۆشحاڵم کە توانیت بیتە سەر خەت .

بینەر : ئاغای پێشکەشکار بە خوا لەوانەیە بروام پێ نەکەن بەڵام ئێوە بۆ من کەسایەتیەکی گەورەین .

پێشکەشکار : تۆ خوا وا نەڵێن . . . شەرمەزارم دەکەن .

بینەر : بروام پێ بکەن ، ئەمەی وتم لە ناخی دڵمدا بوو .

پێشکەشکار : زۆر سوپاس

بینەر : ئەمە بزانن کە زۆر خۆشتانم دەوێ .

کاناڵ گۆردرا . . . . . . . . . .

هەوالە کرێکاریەکان : ئێران : □ کرێکار بە هۆی دارمانی بینایەک لە تاران گیانی خۆیانیان لە دەس دا .

لێکدانەوە :

لەوانەیە هەر شوێنێکی تری ئەم زەویە و تەنانەت لە سەیارەکانی تریش ئەمە روو بدات بۆیە زۆر جێگای نیگەرانی نیە .

ڕۆحیان شاد و ڕێگایا پڕ لە ڕێبوار بێت .

کاناڵ گۆڕدرا . . . . . . . . . .

ڕۆژی بیست و پێنجەم ڕۆژی ڕاپەرینی میللەتی ئێرانە . لە ڕۆژی بیست و پێنجەم کەس لە ماڵەکەیدا نەمێنێ . ڕۆژی بیست و پێنجەم هەموومان پێکەوە هاوار دەکەین ئێمە سەردەکەوین ... ئێمە سەردەکەوین ... ئێمە سەردەکەوین

قەراری ئێمە ڕۆژی بیست و پێنجەم فلان مەیدان و بیسار شەقام .

هەموومان لیباسی سپی لە بەر دەکەین و توند و تیژی بەکار ناهێنین و بەو هێزەی کە بە باتوم هێرشمان دەکاتە سەر گوڵ پێشکەش دەکەین .

خەڵکی بە غیرەت غەیرەتتان بۆ کوێ ڕۆیشتووە ، پێکەوە بێنە دەرەوە ئێمە لیرە پشتیوانیتان لێ دەکەین .

کاناڵ گۆڕدرا . . . . . . . . . .

عاشق بن لە گەڵ فارسی وان .

کاناڵ گۆڕدرا . . . . . . . . .

ئێوە بینەری شەبەکەی بی بی سەکینەن کە تا دەمێکی تر بە فرمیسکی تیمساح بۆ قوربانیانی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ ئێوەدایە .

کانال گۆڕدرا . . . . . . . . . .ئەم شەبەکەیە مێز گردێکی پیشان دەدا لە نێوان گورانیبێژێکی کورد و پێشکەشکاری بەرنامە کە خۆی بە شاعیر و نووسەر و وەرگێر دەزانی . لە سەرتای بەرنامەکە گورانیبێژ و پێشکەشکار زۆر بۆ یەکتر تەرەیان ورد دەکرد و نانیان بە یەکتر قەرزم دەدا و لە درێژەی بەرنامەکەدا جەنابی گورانیبێژی بەناوبانگی کورد پاش گلە و گازندەی زۆر بە نیسبەت کوپی کردنی سی دی و گورانیەکانی ئاماژەی بەمە کرد کە ماوەێک لەمەو پێش یەکێک لە ناسیارەکانی ئەو بووەتە خاوەن کۆڕێک و بە داخەوە ناوی کۆڕەکەی ناوەتە " نیما " .

ئەو وتی بۆ چی ناوی " نیما " باوکی کۆڕەکەیش وەڵامی داوە بۆ ئەوەی ناوی نیما زۆر جوانە و هەروا ناوی باوکی شیعری نوێی فارسیە !

گورانیبێژی کوردیش لە حاڵێکدا پێدەکەنی وتی ئەمە بەدبەختی میللەتی ئێمەیە کە بایەخ بۆ فەرهەنگی خۆی دانانێ ؟! . . .

منیش بیرم کردەوە کە ئەمە چ پەیوەندیەکی هەیە بە بەدبەختی فەرهەنگی . باشە " نیما " ناوێکی باش و جوانە ، لانی کەم لە لفتە کە باشترە . ئێوە چۆن بیر دەکەنەوە ؟

کاناڵ گۆڕدرا . . . . . . . .




تەلویزیون هێزی نهێنی یەکەم تەلەویزیونی ئیرانی یە کە لە وەنکووری کانادایە . بەڕێوەبەرایەتی ئەم تەلەویزیونە سەربەرزە بەوەی کە بۆ بەرەو پێش بردنی ئامانجەکانی خۆیدا هاوکاری نزیکی هەیە لە گەڵ ەنابی دوکتور . . . . . و بە شێوەێکی بەردەوام بەرنامەکانی بەرێزیان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەخش دەکاتەوە . بەرێزیان دەرچووی بەشی میتافیزیکن کە دەتوانن نەخۆشەکانیان بە جولاندنی دەس و پێ چاک بکەنەوە . دوکتور . . . . . لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بەم نەتیجەیە گەیشتوون کە تەلاەویزیونی ماهوارەیی ئامرازێکی باشە بۆ خزمەتگوزاری میتافیزیکی . و بۆیە یەکەمین مەتەبی ماهوارەیی لە تەلویزیونە ئیفتتاح بووەتەوە .

« بۆ ئاگاداری دۆستانی بەرێز کە پرسیار دەکەن بە چ شێوەیەک هێز و ئینرژی لە تەلەویزیون دەگوێزرێ دەبێ ڕوونی بکەمەوە کە ئینرژی دوکتور . . . . لە ڕێگای دوربینەوە دەکرێتە وینەی ویدیویی و پاشان بە شێوەی دیجیتالی لە ڕێگا کابلەوە دەنێردرێتە کومپانیای ماهوارەیی و کومپانیش ئەم ئینرژیە لە ڕێگای دیشەوە بەرەو ماهوارە دەنێرێ . ماهوارەیش نەقلی دیشی ئێوەی دەکات و ئێوەیش دەتوانن بە رسیورەکانتان شەپولەکانی ئاغای دوکتور . . . . . وە بگرن . بۆیە دڵنیا بن هەرچەند شەپولەکانی ئاغای دوکتور ڕێگای دوور و درێژی بڕیوەتەوە بەڵام ئەم شەپولانە هەر دەگاتە ئێوە .

ئازیزان ئەگەر ژانتان کەمتر نەبوو ئەم موشکیلەیە پەیوەندیی بە ئاغای دوکتورەوە نیە . ئەم موشکیلەیە بە ئیحتماڵی زۆرەوە پەیوەندیی هەیە بە باش نەبەستانی دیشەوە .

کاناڵ گۆڕدرا . . . . . . .

ئەم شەبەکەیە شتی زۆری بۆ وتن نەبوو تەنها چیا و دەشت و مەر و ماڵاتی پیشان دەدا و موزیکێکی ئارامی لە سەر خستبوو تاکو بینەر ماندوو نەبێ . دوربینەکە زومی کردبووە سەر کاورێک و کاورەکەیش هەروا تەماشای دوربینەکەی دەکرد وەک شتێک ئەیویست شتێک بڵێ بەڵام ئەوەی کە دەبوایە قسەی لە سەر بکردایە لە شەبەکەکانی تر وتبوویان . حەیوانی بەسە زمان شتێکی بۆ نەما بوو و لە شەرمەزاری سەری خستە خوارەوە و خەریکی لەوەرین بوو .



# وتووێژی جەعفەری ئەمین زادە ئەندامی پێشووی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە ناسراو بە جەعفەرە سوورە لە گەڵ گۆڤاری ئاوینە سەبارەت بە وەزعی ئێستای کۆمەڵە و هۆیەکانی جیابوونەوەی فراکسیونی ئەوان لە کۆمەڵە و ...

**/ بلاو کردنی ئەم وتووێژە بە مانای تەعیدی بیروبۆچوونی کاک جەعفەر و یان هیچ لایەنێکی تر نیە و تەنیا بە مەبەستی ئاگاداری خوێنەران بلاومان کردووتەوە /. «ریگای گەل»**

" جەعفەر ئەمین زادە کە ناو ریزەکانی کۆمەڵەدا بە " جەعفەرە سوور " ناسراوە و 16 ساڵ لە سەرکردایەتی کۆمەڵە بووە , ساڵی 2009 ئەم و چەند هاورێیەکی بە هۆی ناکۆکییەوە لە گەڵ کۆمەڵەی سازمتنی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران , ئەو حیزبەی بەجێهێشت . ئێستا لە جموجۆڵێکدان بۆ رێکخستنەوەی خۆیان . ئەو لەم گفتوگۆیەی ئاوێنەدا ئاماژە بەوە دەکات کە عەبدوڵی موهتەدی و ئیبراهیمی عەلیزادە هیچ کامیان تەحەمولی نەدەکرد کە ئەویتریان کەسی یەکەم بێت و دەڵیت " جیابوونەوە لە بەر ئەوەی یەکتریان پێ قبووڵ نەدەکرا ". ئاوێنە

ئاوێنە: بەم دواییە ئێوە خەریکی جموجۆڵێکن لەنێو لایەنگرانی کۆمەڵەدا , ئایا بەنیازن کۆمەڵەیەکی نوێ دابمەزرێنن؟

جەعفەر : ئێمە هێشتا کۆمەڵەیەکی تاۆەمان پێکنە هێناوە , بەڵام ئێمە وەک رەوت و جەریانێک پێمانوایە کۆمەڵە و هێزی چەپ لە کوردستانی ئێران تووشی کەموکورییەک بووە , بەم وەۆعەوە ,بەئەم هەموو ی دابڕان و لێکترازانانە ناتوانێ جوابگۆی ئێستا پێویستییەکانی کۆمەڵگا بێت .ئێمە ل حیزبی کۆمۆنیست هاتینە دەر لە بەر ئەوەی خوێندنەوەیەکی ترمان هەبێت بۆ ئەو بنەما فیکریانەی کە باوەڕمان پێ بوو بۆ مارکسیزم و سوسیالیزم و ئەوان مەودایان نەئەدا بە باسکردنیان , ئێمە لە حیزبێکدا بووین کە زیاتر لە چواچێوەی دروشمدا مابۆوە , ئێمە دەمانویست لەوە تێپەرین چونکە خەڵک بە دروشم و شیعارات رێکناخرێت بۆ خەبات و رووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ کۆماری ئیسلامی ,ئەنجامی ئەم سیاسەتە ئەوە بوو کە ئێمەی لە خەڵک دوور خستەوە .

ئاوێنە : کێ لەو سیاسەتە بەرپرس بوو ؟

جەعفەر : سەرکردایەتی کۆمەڵە.ئاوێنە : ئەی ئێوە بەشێک نەبوون لەو سەر کردایەتیدا ؟

جەعفەر: بەڵێ ئێمەش بەشی خۆمان بەرپرسین تا ئەو کاتەی لەو رێکخراوەدا بووین , بۆیە دەستماندایە ئەو قسەو باسە , بەلاّم لە ناو کۆمەڵەدا تۆمەتبار کراین و فشاریان بۆ هێنایی .

ئاوێنە : ئێوە چەند کەس بوون لە سەرکردایەتیدا ؟

> **ئۆپۆزسیۆنی کوردستانی ئێران بەم حاڵەی ئێستایانەوە دوو ساڵی تر بڕ ناکەن**

جەعفەر : ئێمە کە ساڵی 2009 هاتینە دەر سێ کەس بووین : ساعیدی وەتەن دۆست و مینەی حیسامی و من بووین .

ئاوێنە : ئایا ئێوە دەتانەوێ بەرەو جۆرێک لە رێکخستن و دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی نوێ بچن ؟

جەعفەر : مەسەلەکە بەلای ئێمەوە ئەوە نییە کە بەزوویی ببین بە کۆمەڵەیەکی تر , چونکە پێمانوایە ئەو دابڕانانەی روویانداوە لە ناو کۆمەڵگەی کوردستاندا رەنگدانەوەی خراپی هەبوو ,لە ئێستاو ئایندەشدا هەر دابڕانێک بە قازانجی خەڵک نازانین , مەبەست و ئامانجی ئێمە ئەوە بووە ریزکانی کۆمەڵە لەیەکتر نزیک بینەوە .هەڵبەتە بوونەوە بە یەکی ئەم کۆمەڵانە مەحاڵە ,بەلاّم پێموایە دەتوانین دایلۆگ بکەین و زیاتر لەیەک نۆیک بینەوە تا دواتریش دەکرێت لە جەبهەیەکدا کۆببینەوە . ئەوەی گرنگە بیڵێم بەم دابران و لێکترازانەی ئێستاوە ئۆپۆزسیۆنی کوردی کوردستانی ئێران , ناتوانن دوو ساڵی تر ئیدامە بەژیانیان بدەن.

ئاوێنە : واتە ئێوە نابنە رێکخراوێکی سیاسی ؟

جەعفەر : ئێمەهەوڵی ئەوەمانداوە و ناویشمان رەوتی سۆسیالیستی کۆمەڵەیە , بەلاّم ئەوە دەبێت ئامادەکاری بۆ بکەین و بەسەر ئەوە ساغ بینەوە کە بەرەو ئەوە دەچین یان ناچین ؟ وەک ئاشکرایە هەر ئێستا چەندین کۆمەڵە هەن , پرسیاری گرنگ ئەوەیە ئایا ئێمەش وەکو ئەوانە دەبین یان وەلاّمدەرەوەی پێویستییەکانی ئەم قۆناغەی کارو تێکوشانی خەباتی چینایەتی و نەتەوەیی کوردستانی ئێران دەبین ؟!ئاوێنە: کۆمەڵە لە ماوەی ئەم بیست ساڵەدا چەند جار جیابوونەوەی بە خۆیەوە دیوە و هۆکارەکانیشی چی بوون ؟

جەعفەر : 1990 جەریانی کۆمۆنیزمی کاریگەری لە حیزبی کۆمۆنیست بە رابەری مەنسوری حیکمەت لە حیزبی مۆمۆنیست جیا بۆوە , و ساڵی 2000 جەریانی ساغکردنەوەی کۆمەڵەی شۆرشگێر بە رابەری عەبدوڵای موهتەدی , کە ئەوانیش بۆ خۆیان دواتر بوون بە دوو بەشەوە کاتێک بەشێکیان بە سەرکردایەتی عومەری ئێلخانیزادە جیابوونەوە . هەڵبەتە ئێمەش ساڵی 2009 بەناوی فراکسیۆنەوە لە کۆمەڵەی سەر بە حیزبی کۆمۆنیست دەرکراین . من پێوایە راستە ئەم جیابوونەوانە تەشکیلاتی و فیکریان هەبوو , بەلاّم بە بڕوای من جیابوونەوەی کۆمەڵەی شۆرشگێر لە حیزبی کۆمۆنیست بەدەر نەبوو لەرکەبەری و ناکۆکی شەخسی نێوان کاک عەبدوڵای موهتەدی و کاک ئێبراهیمی عەلیزادە ,چونکە ئیتر هیچ کامیان تەحەمولی ئەوەی نەدەکرد کە ئەویتریان کەسی یەکەم بێت و یەکتریان پێ قبولّ نەدەکرا .

# به بڕوای من لەم چەند ساڵەی رابردوودا هیچ سەکردەیەکی کۆمەڵە مۆفەق و سەر کەوتوو نەبووە .

ئاوێنە: باشە ئێستا با باسی خاڵی بەهێز و لاوازی هەر یەک لەم کۆمەڵانە بکەین و لەو کۆمەڵەیەوە دەستپێ بکەین کە سەر بەحیزبی کۆمۆنیستی ئێرانە , خاڵە لاواز و بەهێزەکانی ئەمیان چییە ؟

جەعفەر : خاڵی لاوازیان زۆرە مەغرورن , پێیانوایە چونکە هەموو کەس لە ناو ئەوندا هاتووەتە , دەر خۆیان بە حیزبی دایک دەزانن , کە ئەمە هەڵەیە , چونکە ئەگەر سەیری بکەیت ئۆرگانی رەهبەریان بەقدەر ئێمە کادیری دێرین و ناسراویان تیا نییە , نەک بەقدەر باڵەکانی ییکە . من پێموایە جگە لە کاک "سەید برایم " کادیری ناسراوی وایان نییە . دووەم سیاسەتەکەیان سەرچاوەکەی هەمان سیاسەتی کۆمۆنیزمی کاریگەرییە لە باری دیگاییەوە کە هیچ حیزبێکی چەپی دیکەیان قبوڵ نییە غەیری خۆیان کەسی تر بە چەپ و سۆسیالیزم نازانن لە ئێراندا نین و بە زۆر دەڵێن ئێمە هەین . سیاسەتەکەیان تەنها شیعار و دروشمە و کاری عەمەلی ناکەن .

ئاوێنە : ئەی خاڵی بەهێزیان ؟

جەعفەر : خاڵی بەهیزیی ئەوان ئەوەیە کە پێشتر خەباتیان دژی کۆماری ئیسلامی کردوو .

ئاوێنە : ئایا سەید ئیبراهیم شایستەیە بۆ ئەو پۆستەی سالأنێکی زۆرە پێدراوە ؟

جەعفەر : سەید برایم ئینسانێکی پراگماتیک و عەمەلگەرا بووە , وەک شەخص فەرقی هەیە لە گەڵ باقی ئەوانی تریاندا ؟ لە ناو ئەواندا تەنها کەسێکی لە هەموویان عەمەلیتر و بەکەڵک و بەتواناتر ئەوە , بە بڕوای من ئەگەر ئەویان لە ناودا نەبێ ئەوانی تر ناتوانن لە کوردستانیشدا بمێنن , چونکە ئەوەندە چەپ و چێرن کەس تەحەمولیان ناکات , سەید برایم کەسێکی واقیعبیننترە .

ئاوێنە: ئەی ئەو کۆمەڵەیەی عەبدوڵای موهتەدی رابەرایەتی دەکات ؟

جەعفەر : بەداخەوە ئەوان زوو فریووی ئسلاحاتی خاتەمییان خوارد , خاڵی لأوازی ئەوان گرتنە بەری سیاسەتی راسترەوانەو دوورکەوتنەوەیانە لە چەپ هەروەها ئەوان وەک هەموو کۆمەڵەکانی تر و حیزبەکانی رۆژهەڵات ناوەراست باوەریان بە دیموکراسی ناوخۆیان نییە و تەنها هەر دروشمە و بۆ خەڵکی دەڵێن , چونکە گەر پشتیوانی لە سەرکردایەتییان نەکەی جێگەت نابێتەوە لە ناویان . تەنانەت کە کاتێک ئەوانەی ویستیان لێیان جیاببنەوە خەریکبوو بارگرژی و کێشەی یەروست بێت , تا ئاسایش کەوتە نێوانیانەوە .

ئاوێنە : لەم کۆمەڵەدا خاڵی بەهێز دەبینیت ؟

جەعفەر : خاڵی بەهێزیان کار کردن و خەباتکردنیان بەرامبەر بە ئێران , جگە لەوەی قەدیمیش لە ناو کۆمەڵەدا بوون و خەباتیان دژی ئیرتیجاع کردووە و باوریان بە یەکسانی ئینسانەکان بووە .

ئاوێنە پێتوایە عەبدوڵای موهتەدی خاڵی بەهێزی ئەم کۆمەڵەیەیە ؟

جەعفەر : وەک شەخس , موهتەدی پێشتریش یەکێک بووە لە کادیرە ئەساسیەکانی کۆمەڵە , ناکرێ بڵێین ئەو خاڵی لأوازی کۆمەڵەیە , چونکە کەسی وەک ئەویان نییە , هیچکامیان تواناى ئەوەیان نییە وەک ئەو سیاسەتەکانیان فۆرمۆلە بکات و بەرەو پێشەوەی بەرێ.

ئاوینە : ئەی ئەو کۆمەڵەی عومەری ئێلخانیزادە رابەرایەتی دەکات ؟

جەعفەر : جیاوازی ئەمان ئەوەیە کە لە ناویاندا نەفەریک بە تەنها عەمەل ناکا , بە ناو سکرتێریان هەیە , بەلأم لەوانی تر سەرکردایەتیان جەمعیترە . دیارە ئەمەش لەبەری ئەوە نییە کە نەفەری یەکەم باوەڕی بە دیموکراسییە بەڵکو هەلومەرجی ناوخۆیان ئەوەی بەسەردا سەپاندووە , خاڵی لاوازیشیان بە بڕوای من ئەوەیە کە ئینسجامێکی سیاسییان نییە , یەکێکیان دەڵێت باوەڕم بە چەپ نییەو یەکێکی تریشیان دەڵێت من چەپم بەلأم خاڵی بەهێزیان ئەوەیە کە لە کۆمەڵەکانی تر کراوەترن بۆ دیالۆگ .

ئاوێنە : ئایا لەم کۆمەڵەیەدا عومەری ئێلخانیزادە کەسێکی سەرکەوتووە ؟

جەعفەر : بە بڕوای من لەم چەند ساڵەی رابردوودا هیچ سەکردەیەکی کۆمەڵە مۆفەق و سەر کەوتوو نەبووە .

**هەڵویست وەرگرتن سەبارەت بە لە ناو بردنی ستەمی نەتەوەیی و بە رەسمی ناسینی مافی چارەی خۆ نووسین پێوانەیێکی زۆر گرینگ و ئەساسیە بۆ ناسینی دوستان و دوژمنانی ئازادی . تا ئەو کاتەی لە ئێراندا نەتەوەکان بەم شێوەیە لە زنجیری دیلی بە سەر دەبەن , دامەزراندنی ئازادی و دیموکراسی هیچ مانایێکی نییە .مێژووی خەباتی سەد ساڵەی ڕابردوو لە ئێراندا , ئەم راستیە حاشا هەڵنەگرە وە دەر دەخات کە هەر کات خەڵکی زەحمەتکێشی ئێران ڕاپەریون تاکو کوشکی زوڵم و دیکتاتۆری برووخێنن , لەم گیر و دارەدا تا نەتەوەیێک ویستویەتی لە دەسکەوتی خەباتی خۆی کەڵک وەر بگرێ وچارە نووسی خۆی دیاری بکات , لە ژێر ناوی (( خەتەری جیاخوازی )) کەوتووەتە بەر هێرش و هەر لەو شوێنەدا بناغەی گەرانەوە بۆ دیکتاتۆری , سەرکوت و بەردەوامی ئەو لە سەرانسەری وڵات دانراوەتەوە .دەتوانین بلێن کە ریشەکانی دیکتاتۆری و دواکەوتوویی لە ئێراندا لە دیل بوونی نەتەوەکانە .**

# تاریك و ڕووناکی بەرەبەیان



## پابلو نیرودا

شاعیری شیلیایی ، لە دایکبووی ساڵی 1904 بە ناوی ئەسڵی نفتالی ریکاردۆ ریس باسوالتۆ لە پاراڵی شیلی . لە ساڵی 1920وە بە یاد و ڕێزی یان نیرودا شاعیری ولاتی چیك ناوی پابلو نیرودای بۆ خۆی هەڵبژارد . لە ساڵی 1921 یەکەم کتێبی بە ناوی تاریك و ڕووناکی بەرەبەیان بلاو کردەوە کە بووە هۆی ناوبانگی ئەو . لە ساڵی 1945 چووە ناو مەجلیسی سنای شیلی و ئەمە لە حالێکدا بوو کە پێشتر لە گەڵ بزووتنەوەی خەڵك لە ئیسپانیا و فەرنسا چالاکی دەکرد . لە ساڵی 1945 بە هۆی لێدوانی توند و تیژی ئەو بە نیسبەت سەرۆك کۆماری ئەو کاتەی شیلی ( بیدەلا ) بە نهێنی ولاتی شیلی بە جێهێشت و چووە ئورووپا . لە ساڵی 1952 گەڕایەوە بۆ شیلی و لە ساڵی 1971 خەلاتی ئەدەبی نوبلی بردەوە . نیرودا لە ساڵی 1973 چەند ڕۆژێك دوای کودیتای پینوشە بە هۆی سەرەتانی خوێن لە شاری ئیسلانگرا فەوتی کرد . ووشەکان لە شیعری نیرودا تەحمولی سەرخۆشی شاعیر ناهێنێ و ئاوا لە دەرد و ڕەنجەکانی ولاتەکەی قسە دەکات کە هەر ووشەیێك دەبێتە تازیانەیەك لە سەر دەم و چاوی داگیرکەران ! هەموو شتێك لە شیعری نیرودا لە خزمەتی ناوەڕۆکی شیعرەکەیدایە . لە ڕوانگەی پابلو نیرودا شیعر دەبێ مرۆڤ ئومێدوار بکات ، شیعر لە دیدی نیرودا سەرهەڵدانە و لە هەوای جیهاندا بلاو دەبێتەوە و گوڵ و گوڵلەی ئاگرین بەرهەم دێنێ . نیرودا دەڵێ ، شیعر جەریانی ئاوێکە کە مەهاری ئەو لە لایەن شاعیرەکەی مەحاڵە و مادەی خاوی ئەو بریتیە لە ئەو شتانەی کە بوونیان هەیە و یان بوونیان نیە ز نیرودا شیعرەکانی بۆ خەڵك دەوت و ئەو شتانەی خۆشیان ئەویست ، خۆشەویستی خەڵك بوون . ئەو توانی باشتر خەڵك بناسێ و باشتر بۆیان شیعر بلێت . هیچ شتێك نەیتوانی پەیوەندی ئەو و خەڵکی شیلی لە ناو ببات ز پەیوەندی شیعرەکانی ئەو لە گەڵ عامەی خەڵك و بە تایبەت ئەوانەی کە ئاستی خوێندەواریان نزم بوو حاشا هەڵنەگرە ز ئەو شاعیری چین و توێژێکی تایبەتی نەبوو . داهێنانی ئەو بووە هۆی ڕێگا خۆش کردنی بۆ گەیشتن و پەیوەست بوون بە خەڵك . بۆ نیرودا خەڵك لە هەموو شت گرێنگتر بوو و تەنها میللەتی ئەو بوو کە تەعسیری لە سەر دادەنا . ئەو دەڵێ : " تەنها خەڵك بۆ من گرێنگە – تەنها میللەتم تەعسیر لە سەرم دادەنێ – خەڵك و میللەت ، دیسیپلینی من دیاری دەکەن ."

## به آرامی آغاز به مردن میکنی

اگر سفر نکنی،
اگر کتابی نخوانی،
اگر به اصوات زندگی گوش ندهی،
اگر از خودت قدردانی نکنی

به آرامی آغاز به مردن میکنی
زمانیکه خودباوری را در خودت بکشی،
وقتی نگذاری دیگران به تو کمک کنند

به آرامی آغاز به مردن میکنی
اگر برده عادات خود شوی،
اگرهمیشه از یک راه تکراری بروی...
اگر روزمرگی را تغییر ندهی
اگر رنگهای متفاوت به تن نکنی،
یا اگر با آدمها صحبت نکنی

به آرامی آغاز به مردن میکنی
اگر از شور و حرارت،
از احساسات سرکش،
و از چیزهایی که چشمانت را به درخشش وا میدارند
و ضربان قلبت را تندترمی کنند، دوری کنی...

به آرامی آغاز به مردن میکنی
اگر هنگامیکه از شغلت، یا شیوه زندگیت شاد نیستی، آنرا عوض نکنی
اگر برای مطمئن در نامطمئن خطر نکنی
اگر بدنبال رویاها نروی،
اگر به خودت اجازه ندهی
که حداقل یکبار در تمام زندگیت ما ورای مصلحت اندیشی بروی.

امروز زندگی را آغاز کن!
امروز کاری بکن!
امروز مخاطره کن!
نگذار که به آرامی بمیری...
شادی را فراموش نکن!
" پابلو نرودا "





## یادی هاوڕێ مەزن مەسعود ئەحمەدزادە لە ئیرادەی پۆڵائینی چینی کرێکار بۆ وەدیهێنانی ئازادی و سۆسیالیزم هەتا , هەتایە زیندووە !

11ی ڕەشەمە بەرانبەرە لە گەڵ 40 هەمین ساڵرۆژی گوڵلەباران کردنی یەکێك لە مەزنترین تیئوریسیەنەکانی بزووتنەوەی نوێی کۆمۆنیستی ئێران و 9 هاوڕێ فیدایی‌تری ئەو هاوڕێان ( عەباس مەفتاحی , مەجید ئەحمەدزادە , مەجید سەواڵونی , حەمید تەوەکوڵی , غوڵامرەزا گەلۆی , بەهمەن ئاژەنگ , سەعید ئاریان , عەبدوڵکەریم حاجیان سێ کەڵە ) لە لایەن شەوپەرەستانی ئینسان کوژی ڕێژیمی شا . مەسعود ئەحمەدزادە وەك یەکێك لە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی ئێمە و یەکێك لە تیئوریسیەنەکانی داهێنەری ڕێکخراو و بزووتنەوەی نوێی کۆمۆنیستی بە هێزی بیری پڕ لە توانا و داهێنەرانەی بێوێنەی خۆی بە نیسبەت بابەتەکانی شۆرشی ئێران توانی زۆر جار و لە زۆر کاتی ناسکدا , هێڵێکی نوێ لە بەردەم بزووتنەوەی نوێی کۆمۆنیستی ئێران بکاتەوە و خۆیشی یەکەم هەنگاوەکانی ئەم ڕێگایە بە دڵنیائیەوە هەڵگرێ . تیرباران کردنی مەسعود ئەگەرچی وەك زەبرێکی قورس لە جەستەی بزووتنەوەی فیدایی وەك پێشرەوی بزووتنەوەی نوێی کۆمۆنیستی ئێران بوو , بەڵام ناوی مەسعود لە تەمەنی کورتی ژیانی کە تازە 24 بەهاری تێپەر نەکردە بوو وەك ڕێبەرێکی بە توانا و خاوەن ئیرادەیەکی پۆڵائین لە سەر ئاڵای سووری خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران مۆری خۆی داکوتاوە .

ناوی مەسعود لە دڵی چینی کرێکار و لە ئیرادەی پۆڵائینی ئەو بۆ وەدیهێنانی ڕزگاری و سۆسیالیزم هەتا , هەتایە زیندووە . (( یادی بەرێز و ڕێگای پڕ لە ڕێبوار ))

## آن عاشقان شرزه

آن عاشقان شرزه که با شب نزیستند
رفتند و شهر خفته ندانست کیستند
فریادشان تموج شط حیات بود
چون آذرخش در سخن خویش زیستند
مرغان پر گشوده ی طوفان که روز مرگ
دریا و موج و صخره بر ایشان گریستند
می گفتی ای عزیز !
سترون شده ست خاک
اینک ببین برابر چشم تو چیستند
هر صبح و شب به غارت طوفان روند و باز
باز آخرین شقایق این باغ نیستند

شفیعی کدکنی

## بەرز و بەرێز بێت یادی 140ەمین ساڵرۆژی پێك هێنانی کۆمۆنی پاریس

(( ئەگەر کۆمۆن سەرکوت بکرێ.لەم حاڵەدا خەباتی کینەیی دەگوازرێتەوە بۆ کاتێکی‌تر .

ئۆسوڵەکانی کۆمۆن هەتا هەتائیە و زیندون و سەرکوت ناکرێن. ئەوان بە شێوەیەکی بەردەوام خۆیان بەرەو پێش دەبەن , تا ئەو کاتەی کە چینی کرێکار ڕزگار بێت.))

( کارل مارکس )

یەکەمین حکومەتی کرێکاری جیهان لە پەروەردەکانی پتەوی ئەو و لە خەباتی بێ وچانی چینی کرێکار دژی سیستەمی ڕزیوی سەرمایەداری زیندووە .



# دعوت به شرکت درتظاهرات و اقدامات اعتراضی

تداوم مبارزات توده های مردم بویژه تجمعات وتظاهرات 25 بهمن ماه درهمبستگی با مبارزات توده های به جان آمده درمصر ، تونس و دیگر کشورهای خاورمیانه و طرح شعارها ومطالبات انقلابی و مترقی نشان داد که برغم سرکوبگریها و کشت وکشتار رژیم جمهوری اسلامی قلب تپنده جنبش های اجتماعی ازحرکت باز نه ایستاده است . بدنبال اعتصابات و اعتراضات کارگری ، دانشجویان وزنان وجوانان که با تشدید سرکوب و زندان و شکنجه واعدام توام بود تظاهرات واعتراضات روز 25 بهمن خون تازه ای دررگهای جنبشهای اجتماعی دمید . دراین روز نه تهدیدات از پیشی دستگاه های سرکوب رژیم ونه حضور گسترده نیروهای مسلح وارازل و اوباش آنها درخیابانها ونه اقدامات خشونت بار و سرکوب گرانه آنها نتوانست ادامه تظاهرات و اجتماعات واعتراضات را متوقف کند. حملات خشونت بار به تظاهرات روز 25 بهمن که باشعارهای ساختارشکن و علیه کل نظام ارتجاعی حاکم توام بود آتش خشم توده های مردم را شعله ورتر کرد ومقاومت و استقامت توده های بپا خواسته مردم و بویژه جوانان دربرابر نیروهای سرکوب بار دیگر روشن نمود که این شعله ها تا سوزاندن ارکان مافیای قدرت وثروت خاموش نخواهد شد . درشرایطی که جنبش های اجتماعی برعلیه ستم واستثمار وزور و سرکوب کل منطقه را دربرگرفته است اینک بعد از یکسال تحمل سرکوب و کشتار درایران نیز اعتراضات توده ای وارد فازجدیدی میشود. اکنون مبارزات توده های مردم با حرکت های انقلابی درکشورهای خاورمیانه هماهنگ میشود. تداوم حرکت های اجتماعی و جنبش انقلابی با خواست های رادیکال و آزادیخواهانه وبرابری طلبانه که با سرکوبگریها وددمنشی های رژیم پاسخ داده میشود چشم وگوش توده های مردم منطقه را باز و فریب افکارعمومی توسط اسلام گرایان و حکومت های مذهبی را افشا مینماید وتداوم مبارزه درایران وتاثیر متقابل جنبشهای اجتماعی منطقه برهمدیگر ،چشم انداز نوینی را درمقابل طبقه کارگر وخلقهای تحت ستم استثمار منطقه وجهان میگشاید. بی جهت نیست که رژیم تلاش میکند از یک طرف با تیراندازی وکشتار و دستگیریهای وسیع مردم را مرعوب سازد و ازطرف دیگر با مصادره به مطلوب کردن شهدای خلق ، درسطح منطقه چنین وانمود بکند که این کشتارها توسط عوامل او صورت نگرفته است.

اما اقدامات بموقع جوانان ، دانشجویان و مادران و نیز فراخوان اعتصاب درکردستان و فراخوان اعتراض به سرکوبهای 25 بهمن و گرامیداشت شهدای این روز و خواست آزادی فوری زندانیان سیاسی وبازداشت شدگان روز 25 بهمن وافشاگریهای وسیع دیگر، ترفند های سردمداران رژیم را درنزد افکار عمومی خنثی و آنها را بیش از بیش رسوا ساخت. اکنون زمان آن رسیده است که توده های مردم بویژه جوانان ، دانشجویان و کارگران پیشرو دامنه شعارها ومطالبات مطروحه را با واقعیات سیاسی وزندگی و نیازهای اقتصادی ، اجتماعی و فرهنگی توده های کارگر و زحمتکش ، زنان ، دانشجویان ، روشنفکران و خلقهای تحت ستم واستثمار انطباق دهند ، درعین حال از دادن شعارهای مذهبی ولو بمنظور پوشش شعارها و مطالبات اصلی پرهیزکنند .

ما نیز به سهم خود ضمن تجلیل از اعتراضات خیابانی در 25 بهمن و مقاومت و مبارزه اقشار مختلف توده های تحت ستم و استثمار ، از فراخوانهای اعتراضی واعتصابی اول اسفند حمایت میکنیم و ازرفقای خود در داخل و خارج کشور میخواهیم که همچون گذشته دراین حرکت ها شرکت نموده ن و نقش فعالی در سازمانیابی و تداوم آنها ایفا نمایند.

سرنکون باد رژیم جمهوری اسلامی

زنده باد آزادی

زنده باد سوسیالیسم

سازمان اتحادفدائیان کمونیست 29 بهمن 1389

www.fedayi.org
webmaster@fedayi.org
Kurdistan@fedayi.org
FAX:+46317792571

تازەترین ڕاگەیاندراوەکان لە سایتی ڕێکخراو وەرگرن:
پۆستی ئلکترۆنیك , کومیتەی کوردستان ، و
ژمارە فاکسی پەیوەندیە گشتیەکانی ریکخراو بریتین لە :

**بڕووخێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ,**

**دامەزری کۆماری فیدراتیوی شوورایی !**